

موعتەسەم ساڵەیی

# لەبارەی چیرۆکی "نیشانە"ی "عەلی ئەشرەف دەروێشیان"ەوە

هونەری کورتە چیرۆک یەکێکە لە ئەژرە
ئەدەبییە هەرە سەخت و فورسەکان. ئەگەر
بێتو لێهاتوویی و وەستایی و شارەزاییەکی
لە رادەبەدەر لەلای چیرۆکنووس گەڵاڵە
نەبێت، ئەوا بێگومان چیرۆکی سەرکەوتوو لە
ژێر قەڵەمەکەیدا سەر هەڵنادات و نایەتە
کایەوە. بەدرێژایی مێژووی ئەدەب چەندین
رۆماننووسی سەرکەوتووی جیهانی دەکەونە
پێش چاومـــان، بەڵام لە بواری کـــورتە
چیرۆکنووسیندا رووبەرەکە تەسک دەبێتەوە
و بەتەنیا چەند نووسەرێکی سەرکەوتووی کەم
خۆیان دەنوێنن، کە بە پەنجەی دەست لە
جیهانی ئەدەبدا دەژمێردرێن وەکو: مۆپاسان
و چیخۆف و گۆرکی و هەمەنگوای و کاری
مانسفیلد و بۆنین و سومەرت مۆم و ولیەم
سارۆیان و... هتد

مەودای کات و وەخت لە ڕۆماندا بۆی هەیە توولان بکێشێت و چەندین ساڵ و سەردەم و عەیام بخایەنێت. بەڵام لە کورتە چیرۆکدا کات و وەخت چڕ دەبێتەوە و لە مەودایەکی زەمەنی کورتدا ڕووداوەکان دەسووڕێنەوە. ڕۆمان خۆی لە قەرەی کۆمەڵێک کێشەی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئاینی و دەروونی دەدات، بەڵام ناوەڕۆکی کورتە چیرۆک باسی ڕووداو و هەڵوێستێکی کاتی کورتی دیاریکراو دەکات. هینری جێمس لەبارەی ڕۆمانەوە دەڵێت: «کە وەکو کیسە و هەگبەیەکی گەورە وەهایە و بۆت هەیە زۆر شتی تێدا بئاخنیت» بەداخەوە ڕۆمان و چیرۆکی ئەم سەردەمەی ئێستامان بگرە لە هەموو جیهاندا کەشوهەوای سازگار و ڕەونەقی ئاڵوواڵای خۆی لە دەست داوە. دەبینیت ڕۆماننووس لانس وەردەگرێت و ڕۆمانێکی قەبەی حەوت سەد یا هەشت سەد لاپەڕەیی ڕەش دەکاتەوە و، لەسەر باسێکی لابەلاییدا دەیان لاپەڕە تۆمار دەکات، بەڕادەیەک مێشێکت لێ دەکات بەگایەک و لە بیریان دەچێتەوە کە ئەم سەردەمە بەخێرایی وەسف دەکرێت. جاری ئەوتۆش هەیە ئەگەر سەد لاپەڕەی نێو ڕۆمانێک وەلاوە بنێیت و باز بدەیت بەسەریدا و نەیخوێنیتەوە، ئەوا لە ئەنجامدا هەستی پێ ناکرێت و هیچ شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. ئەگەر رووی خۆمان بەلای کورتە چیرۆکدا وەرچەرخاند، ئەوا کۆمەڵێک کێشە و ئاستەنگی جۆراوجۆرمان دێتە پێش چاو. چیرۆکنووسە جیهانییەکانی ئەم سەردەمە بەهیچ کلۆجێک ناگەنە ئاستی چیرۆکنووسە کۆنەکان. بەتایبەتی چیرۆکی کوردی ڕۆژگاری ئێستامان لە خاتیرەیەک و ئینشا و دارِشتنێکی بێزارکەر بەولاوە تێپەڕ ناکات. هەمیشە لاپەڕەی ڕۆژنامە و کۆوارەکان تاوتوێ دەکەم، تاوەکو کورتە چیرۆکێکی ئەوتۆم بێتە پێش چاو و بەخوێندنەوەی کورد واتەنی ئاهی دڵم بشکێنێت، بەڵام سەرەنجام هەروەخت لەم ڕووەوە دەستەخەڕۆ و نائومێد دەردەچم.


لە ژمارە ٦٥ی کۆواری "نەوشەفەق"دا چیرۆکێکی نووسەری کوردی ئێرانی ناسراو "عەلی ئەشرەف دەروێشیان"م بە ناوونیشانی "نیشانە"وە خوێندەوە، کە برای بەڕێز غەریب پشدەری بەزمانێکی پاراو وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لێرەدا لەم نووسینەمدا دەمەوێت چەند هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم چیرۆکە بکەم و چەند بەراوردکارییەک و باری سەرنجی خۆم لەبارەیەوە بخەمەڕوو. وەنەبێت مەبەستم شکاندنەوەی نووسەر بێ و خوانەخواستە لە ئاستی ئەو نووسەرە گەورەیە کەم بکەمەوە. چونکی لە ڕاستیدا عەلی ئەشرەف دەروێشیان نووسەرێکی لێهاتووی بەبڕشتە و مایەی شانازییە بۆ ئێمە. هەروەها ئەگەر لە سەرەتاوە ڕەخنەی توندوتیژمان دەربڕیبێت دەرهەق

بەرۆمـــان و چیـــرۆکی ئەم ســـەردەمـــە، ئەمـــە مـــانای ئەوە ناگەیەنێت کە مەبەستمان بەرێزی نووسەر دەروێشیان بێت، بەڵکو ئێمە بەشێوەیەکی سەراپاگیری دواوین و مەبەستمان کەسێکی تایبەتی و نووسەرێکی دەستنیشانکراو نییە. بەڵام لە بواری بەراوردکاریدا ئەگەر رەخنەی توندمان دەرهەق بە چیرۆکی "نیشانە" دەربڕی، هیوادارین برای نووسەرمان دڵ زویر و نیگەران نەبێت لێـــمـــان. جـــاری ئەوتۆ هەیە کـــە نووســـەرێک بابەتێک دەنووسێت، وەها رێک دەکەوێت بەبێ ئاگایی نووسەر کاتی خۆی پێشتر نووسەرێکی تر هەمان بابەتی دارشتووە، هەروەها بۆی هەیە کە نووسەرێک بابەتی نووسینێکی لە نووسەرێکی پێش خۆیەوە وەرگرتبێت یاخۆ لە داستان و حیکایەتێکەوە هەڵی هێنجابێت. لێرەدا کارێکی ئاساییە ئەگەر نووسەر دانی پێدا بنێت و بڵێت ناوەڕۆکی بابەتەکەم لە فلان نووســەرەوە وەرگـــرتووە، یاخـــۆ لە فلان ســەرچاوەوە ئیلهامم وەرگــرتووە. لەم حـــاڵەتەیشـــدا ئەگـــەر نووســـەرێک لە ژێر کـــاریگەریەتی نووســـەرێکی پێش خـــۆی و ســەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە بابەتەکەی دارشت، پێویســتە بەدیدگـــا و گـــۆشـــەنیگایەکی تازەوە بێتـــە بەرهەمـــهـــێنان و شتێکی نوێ بڵێت و بنووسێت. بۆ نموونە تاوەکو ئێستا چەندین نووسەر داستانی ئۆدیبیان لە نووسینەکانیاندا خستووەتە کار، هەر یەکەیشیان مەبەستێکی جیاوازی هەبووە و بەگۆشەنیگایەکی تازە و نوێوە هاتووەتە مەیدانی نووسین و داهێنان. یاخۆ بەشێکی زۆری شانۆنامـەکـانی شکسپیر لە حیکایەت و داستان و رووداوە مێژووییەکانەوە وەرگیراون، نووسەریش توانیویەتی بەهرەی دانسقە و دەگمەنی خۆی بخاتە کار و شاکارێکی زیندوو بهێنێتە بەرهەم، بەڵام ئەگەر نووسەرێک دەقاودەق و کتومت بابەتی نووســـەرێکی تر بەهەندێک دەســـتکارییـــەوە دابرێژێتـــەوە،

**بەشێکی زۆری شانۆنامەکانی شکسپیر لە حیکایەت و داستان و رووداوە مێژووییەکانەوە وەرگیراون**

**کورتە چیرۆک لە کەسایەتی و کات و وەخت و شوێن و دیمەن و ناوەڕۆک و کرۆک و کێشە و کۆتایی پێک دێت**

**لە هەردوو دەقەکەدا دایک و کچ بە خەمبارییەوە بەرەو شارێکی تر دەچن**



مارکیز



عەلی ئەشرەف

بێگومان خوێنەر هەست بەو کارە دەکات. ئەو نووسەرەش لە لایەکەوە بابەتی کەسێکی تری بەناهەق وەرگرتووە و، لە لایەکی تریشەوە ویستوویەتی رووی داهێنانی نووسەرێکی تریش بشێوێنێت. لە چیرۆکی "نیشانە"دا بەڕێز دەروێشیان کرۆک و ناوەڕۆکی چیرۆکەکەی لە یەکێک لە چیرۆکەکانی "گابرێل گارسیا مارکێز"ەوە وەرگرتووە کە بە ناوونیشانی "نیوەڕۆ خەوی رۆژی سێشەمە"یە بەبێ ئەوەی دەستنیشانی ئەو شتەی کردبێت. لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی "مارکێزدا"دا ئەم چیرۆکەی بەباشترین چیرۆکی خۆی وەسف کردووە. تاکو ئێستایش بەناوونیشانی "قیلولة الثلاثاء"ەوە بۆ چەند جارێک وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی. لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا ئەم چیرۆکەی مارکێزم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەدوو ئەلقە لە رۆژنامەی"هاوکاری"دا بڵاو بووەتەوە.

کورتە چیرۆک لە کەسایەتی و کات و وەخت و شوێن و دیمەن و ناوەڕۆک و کرۆک و کێشە و کۆتایی پێک دێت. بە خوێندنەوەی هەردوو دەقەکە بۆ خوێنەر دەردەکەوێت کە دەقاودەق ئەم رەگەزانە لە هەردوو بابەتەکەدا دووبارە بوونەتەوە. بۆمانیش هەیە بڵێین کە دەقەکەی مارکێز لە رووی هونەری و داڕشتن و وەسف و وردەکارییەوە بالادەستتر و چڕوپڕترە.

کەسایەتیی سەرەکیی هەردوو دەقەکە بریتین لە دایکێکی رەشپۆشی نەختێک بەتەمەن و کچێکی توولاز. لە چیرۆکەکەی مارکێزدا دەڵێت: «کچەکە تەمەنی دووازدە ساڵان» بوو لەلای دەروێشیانیش دەڵێت: «کچەکە دە ساڵانە». مارکێز وەسفی ژنەکە دەکات و دەڵێت: «جەستە لاواز و بێ نموودەکەی لە نێو جل و بەرگە رەشەکەیدا کە لە پۆشاکی قەشە دەچوو نقوم بووبوو» دەروێشیانیش دەڵێت: «دەموچاوێکی درێژکۆڵەی لاوازی هەبوو» و «جلی ژنەکە رەش بوو». لە هەردوو دەقەکەدا دایک و کچ بە خەمبارییەوە بەرەو شارێکی تر دەچن، بەڵام بەیەک جیاوازییەوە ئەویش ئەوەیە کە ئامرازی گەیاندنەکە لەلای مارکێز شەمەنەفەرە و، لەلای دەروێشیان ئوتوبیسە. لە هەردوو دەقەکەدا دایک و کچ سەفەر دەکەن بۆ سەروسۆراخی رووداوی کوشتنی کوڕی ژنەکە یانی برای کچەکە لە شارێکی تر. وەک لە

ناوونیشانی چیرۆکەکەی مارکێزدا دەردەکەوێت کات و وەخت سێشەممەیە، بەڵام دەرویشیان لە سەرەتاوە دەنووسێت «چوارشەممە بوو». دایک و کچ لە میانی پەنجەرەکانەوە تەماشای دەشت و دەر و ڕێگەوبان و خانووەکان دەکەن. مارکێز دەڵێت: «عەرەبانەیەک کە گا رای دەکێشا بە مۆزی سەوز بار کرابوو». دەروێشیان دەڵێت: «لە قەراغی جادەکەوە گوێدرێژێک بەبارەدارێکی قورسەوە بە نشێوەکەدا خوار بووبووەوە». لەلای مارکێز دایکەکە بە کچەکە دەڵێت: «لە هەمووی گرینگتر نامەوێت گوێم لە گریان و نوزەنوزت بێت». لەلای دەروێشیان دایکەکە بەکچەکە دەڵێت: «نەیکەیە شین و گریان». لە چیرۆکەکەی مارکێزدا دایک و کچ لە نێو فارگۆنەکەدا نیوەڕۆژە دەکەن و پاش ئەوەی کیسەکەیان دەکەنەوە «تەماشای کرد دایکی خۆراکی داناوە و چاوەڕوانی دەکات. پارچە پەنیرێک و پارچە نانێکی لە گەنمەشامی دروستکراو و پارچە پسکیتێکی دایە دەستییەوە» لە چیرۆکەکەی دەروێشیانیشدا پاش ئەوەی دەگەنە شارە دوورەکە دەڵێت: «هەردووکیان لە کونجێکی پلیکانەکانەوە دانیشتن. ژنە پرێسکەکەی هێنایە دەرێ. دوو پارچە نانە چەورە و دوو هێلکە و دوو تەماتە و پارچە کاغەزێکی پێچراوی...» لە چیرۆکەکەی مارکێزدا کچەکە چەپکە گوڵێکی پێیە بۆ ئەوەی بیبات لەسەر گۆڕی براکەی دابنێت. لە چیرۆکەکەی دەروێشیاندا بەهەمان شێواز کچەکە چەپکە گوڵێکی پێیە تاوەکو بیبات بەتەنیشتی وێنەی برا کوژراوەکەیەوەی دابنێت. لە هەردوو دەقەکەدا کە دەگەنە شارە نامۆکە کات و وەخت دوای نیوەڕۆیە. مارکێز دەڵێت: «کات و وەخت نزیکەی دووی پاش نیوەڕۆ بوو، لەو کاتەدا هەموو خەڵکی هەڵاژابوون و چاویان گەرم کردبوو». دەروێشیانیش دەڵێت: «دوای نیوەڕۆ بوو کە گەیشتنە شاری. شەقامەکان چۆڵ بوون. دەستگێڕەکان بەتەنیشت شتەکانیانەوە خەوە کوتکەیان بوو».

بەیەک ئاراستە هەردوو چیرۆکەکە کۆتاییان پێ دێت لە چیرۆکەکەی مارکێزدا دایک و کچ خۆیان دەگەیەننە لای قەشە بۆ ئەوەی کلیلی گۆڕستانەکەی لێ بستێنن و بچن سەردانی گۆڕی کوڕەکەیان بکەن، کە هەفتەیەک پێشتر بەمەبەستی دزیکردن لە کاتی نیوەشەوێ هەڵی کوتابووە سەر ماڵی بێوەژنێک و هەر بەگوللەی دەمانچەی ئەو ژنەیش کوژرابوو. لە چیرۆکەکەی دەروێشیاندا دایک و کچ روو دەکەنە پێشانگایەک کە وێنەی کوژراوانی تێدا نمایش کراوە. لە ئاکامدا کچەکە وێنەی لاتەنیشتی براکەی دەناسێتەوە کە پاش کوژرانی ئەو وێنەیەی بۆ گیرابوو. بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێت دەروێشیان وەها دیارە نایەوێت بە ئاشکرا بڵێت گوایە کوڕی ئەو ژنە لە کوێ کوژراوە.؟

# نیوەڕۆ خەوی ڕۆژی سێشەممە

گابرێل گارسیا مارکێز
و: موعتەسەم ساڵەیی

شەمەنەفەرەکە لە نێو ئەو تونێلەوە دەرچوو کە لە بەردی خاو هەڵکۆڵرابوو. بە خێرایی کێڵگەی دارمۆزە بێ کۆتاییە ڕێکوپێکەکانی دەبڕی. هەوای ئەو ساتەوەختە شێداربوو. دایک و کچ لە نێو فارگۆنەکەدا هەستیان بە شنەبای دەریا نەدەکرد. لە پڕ تەوژمێک لە چڕە دووکەڵ هاتە ژوورەوە. بەسەر ڕێگە باریکەکەی تەنیشتی هێڵە ئاسنەکەوە چەند عەرەبانەیەک کە گا ڕای دەکێشتن بە مۆزی سەوز بار کرابوون. چەند فەرمانگەیەک دەبینران کە لە کەرپووچی سوور دامەزرابوون و پانکەی کارەباییان تێدابوو. چەند خانووبەرەیەکی پەرشوبڵاویش بە دی دەکران. کاتژمێری یازدەی نیوەڕۆ بوو. هێشتا تینی گەرماکە زیادی نەکردبوو، کە ژنەکە بە کچەکەی وت:

– وەها چاکە پەنجەرەکە پێوە بدەیت، ئەگینا سەر و پرچت پڕ دەبن لە هیسی دووکەڵ.

کچەکە ویستی پەنجەرەکە پێوەبدات، بەڵام بە هۆی ژەنگ هەڵاتووییەوە بۆی دانەخرا. هەردووکیان لە نێو فارگۆنی پلە سێدا بوون و دووکەڵی مەکینەی شەمەنەفەرەکەیش بێوچان پەنجەرەکەی دەبڕی و بە ڕوویاندا دەپژا. کچەکە ناچار شوێنەکەی خۆی بەجێ هێشت و شتومەکەکانی دانا، کە بریتی بوون لە کیسەیەک نایلۆن و چەپکە گوڵێک کە بە پارچە ڕۆژنامەیەک پێچرابووەوە. کچەکە دوور لە پەنجەرەکە بەرامبەر بە دایکی بەسەر کورسییەکەوە دانیشتبوو. هەردووکیان جلوبەرگی ڕەشی شڕۆڵەوی تازێبارییان لە بەردابوو. کچەکە تەمەنی دوازدە ساڵان دەبوو. بۆ یەکەم جاربوو لە ژیانیدا کە سواری شەمەنەفەر ببێت. ئافرەتەکەیش گەورە و بەتەمەن دیاربوو. پێ نەدەچوو کە دایکی ئەو کچە بێت و دەماری شین بە بان پێڵووی چاوەکانییەوە زۆربوون، جەستە لاواز و بێ نموودەکەی لە نێو جلوبەرگە ڕەشەکەیدا کە لە پۆشاکی قەشە دەچوو نوقم بووبوو، پشتی دابووە کورسییەکەوە و جانتاکەیشی بەدەستەوە گرتبوو کە لە پێستەیەکی بریقەداری ڕەنگ چووەوە دروست کرابوو. لە جێیەکەی خۆیدا ئۆقرەی گرتبوو بە شێوەی کەسێک کە لەسەر هەژاری ڕاهاتبێت.

نزیک کاتژمێری دوازدە تینی گەرمای نیوەڕۆکە زیادی کرد. بۆ ماوەی دە دەقە شەمەنەفەرەکە لە ئێستگەیەکدا هەڵوێستەی کرد بۆ ئەوەی ئاو وەربگرێت. هیچ شار و

شارۆچکەیەک بەدی نەدەکران، بە تەنیا کێڵگەکان بە ڕێکوپێکی کشومات دەبینران. بۆنی پێستەی خۆشەنەکراو لە نێو فارگۆنەکەدا هەستی پێ دەکرا. کاتێک شەمەنەفەرەکە جووڵەی کرد و کەوتەڕێ، زۆر بەپەلە و خێرایی بەرەو پێشەوە ملی دەنا. لە نێو دوو شاردا وەستا کە خانووبەرەکانیان بە یەک دەچوون و بەدار دروستکرابوون و بە بۆیەی بریقەداریش ڕەنگ کرابوون. سەری ئافرەتەکە لار بووەوە و خەو بردییەوە و کچەکەیش پێڵاوەکانی لە پێی خۆی داکەند و ڕۆیشت بۆ ژووری ئاودەست، چەپکە گوڵەکەی لە ئاو هەڵکێشا و تەڕی کرد.

کاتێک گەڕایەوە تەماشای کرد دایکی خۆراکی داناوە و چاوەڕوانیی دەکات. پارچە پەنیرێک و پارچە نانێکی لە گەنمەشامی دروستکراو و پارچە پسکیتێکی دا بە دەستییەوە. لە نێو کیسەکەدا هەر ئەوەندەیشی بۆ خۆی دەرهێنا. لەو کاتەیدا کە خۆراکیان دەخوارد، شەمەنەفەرەکە هێدی هێدی پردێکی ئاسنینی بڕی و بەنێو شارێکدا ڕەت بوو کە لە شارەکانی پێشوو دەچوو، بەڵام بە یەک جیاوازییەوە ئەویش ئەوەبوو کە لە مەیدانەکەیدا لە ژێر تیشکی خۆرەتاوە گەرمەکەدا کۆمەڵە کەسانێک مۆسیقایەکی بەواژەواژیان دەژەنی. لەوسەری شارەکەوە کێڵگەکان لە پێ دەشتییەکی شەقار شەقاری وشکوبرینگدا کۆتاییان پێ دەهات. ئافرەتەکە لە خواردنەکەی بووەوە و گوتی:

– پێڵاوەکانت لە پێ بکە.

کچەکە تەماشایەکی دەرەوەی کرد، لە پێ دەشتییە چۆڵەکە بەولاوە هیچی تری نەکەوتە بەرچاو. شەمەنەفەرەکە سەرلەنوێ بەخێرایی کەوتەوەڕێ. کچەکە پارچە پسکیتەکەی خستەوە نێو کیسەکە و پێڵاوەکانی لە پێ کردەوە. دایکی شانەیەکی دا بەستییەوە و پێی گوت:

– پرچت شانە بکە.

لەو کاتەیدا کە کچەکە قژی دادەهێنا شەمەنەفەرەکە شووتی لێ دا. ژنەکە بە پەنجەکانی ئارەقەی دەموچاوی خۆی سڕییەوە. هەر کە کچەکە لە شانەکردنی سەری بووەوە، شەمەنەفەرەکە بە نێو خانووبەرەی شارێکی گەورەدا ڕەت بوو، بەڵام ئەو شارە لە شارەکانی تر خامۆشتر بوو. ژنەکە گوتی:

– چیت هەیە ئێستاکێ پێی هەڵسە، چونکی ئەگەر لە تینوێتیدا بخنکێیت چی تر ئاوت دەست ناکەوێت. لە هەمووی گرینگتر نامەوێت گوێم لە گریان و نووزە نووزت بێت.

کچەکە سەرێکی بۆ لەقاند. بایەکی وشکی گەرم لەگەڵ دەنگی شاوری شەمەنەفەرەکە و

واژەواژی ئۆتۆمـبیلە کۆنەکـان لە مـیـانی پـەنجـەرەکـەوە هـاتنە ژوورەوە. ئـافـرەتەکـە کـیـسـە نایلۆنەکەی لوول دا و لەگەڵ پاشماوەی خۆراکەکەدا خستییە نێو جانتاکەی دەستییەوە. شـارەکە لەو رۆژی سـیـشـەممەیەی مـانگی سـێدا لە چوارچێوەی پەنجـەرەکـەوە پرشنگدار خـۆی دەنوواند. کـچـەکـە چەپکە گـوڵەکـەی بە رۆژنامـە تەڕەکـە پێـچـایەوە و نەخـتـێک لە پەنجـەرەکە دوورکـەوتەوە و چاوی بڕییە دایکی. شـەمـەنەفـەرەکە بە هێـواشـی و لەسـەرخـۆ رێگەی دەبڕی و شووتی لێ دەدا. پاش تاوێک وەستا"

تاقە کەسێک لە ئێسگەکەدا بەدی نەدەکرا. لەوبەر جادەکەوە و لەسەر ئەو شۆستەی کە داری بادەم سـێبەری خستبووە سەر، بەتەنیا هۆڵی بلیاردی یاریکردن دەرگەری والا بوو، شـارەکە نوقمـی گـڕی گەرمـاکە بووبوو. دایک و کچ دابەزین و ئێـستگە چۆڵەکەیان بەجێ هێشت " نەرمە گیایەک لەم لاودا رووابوون. هەردووکیان روویان کرد بەلای سێبەرەکاندا. کات و وەخت نزیکەی دووی پاش نیوەڕۆ بوو. لەو کاتەدا هەموو خەڵکی هەلاژابوون چاویان گەرم دەکرد، شـارەکەیش وەنەوزی دەدا " دایەرە و دووکـان و بازاڕ و قوتابخانەکان هەر لە کـاتژمـێـری یازدەوە دەرک و دەروازەیان داخـسـتـبـوو بـۆ جـارێکی تریش پێش کـاتژمـێـری چواری پاش نـیـوەڕۆ سـەرلەنوێ دەرگـەکـانـیـان دەکـردەوە. ئوتێلی بەرامـبـەر ئێـسـتگەی شەمەنەفەرەکە لەگەڵ مەیخانەکە و هۆڵی بلیارد و دایەرەی پۆستە بە تەنیشتی مەیدانەکەوە هەمـوو دەرگـەیان والا و کـراوە بوو. مـاڵەکان کـە لەسـەر شـێوازی کـۆمـپـانیـاکـانی مـۆز دامەزرابوون، دەرگەیان داخرابوو پەردەکانیشیان دادرابوونەوە. کەشوهەوای نێو ماڵەکان زۆر گەرم بوو، بەڕادەیەک دانیشتووانەکانیان هەر لە ژوورەوە نیوەڕۆژەیان دەکرد. هەندێک بەسـەر کورسیەکانیانەوە لەسـەر شـەقامەکاندا و لە ژێر سـایەی دار بادەمـەکاندا نیوەڕۆ خـەویان دەکرد و چاویان چووبووە خـەو. ژنەکە و کچـەکە بەبێ ئەوەی هـەلاژانی خـەڵکەکە بشـێـوێنن لە ژێر سـێبـەری داربادەمـەکـاندا هەنگاویان دەنا و یەکسـەر روویان کردە مـاڵی قـەشـەی کڵێسـەکە. ئـافرەتەکە بۆ چەند جـارێک پەنجـەی کێـشـا بە شـووشـەی پەنجـەرەی دەرگـەی مـاڵی قـەشـەکـەدا. تاوێک چاوەڕوانی کرد و بۆ جـارێکی تریش پەنجـەکـانی کێشـا بەسـەر شـووشـەکـەدا. دەنگی پانکـایەکی کـارەبایی لە ژوورەوە وژەوژی دەهات. ژنـەکـە و کچەکە گوێیان لـە ترپەی پێ بوو کە لە ژوورەوە بەرەو روویان دەهات. لە پشتی دەرگەکەوە دەنگێک پرسی:

– کێیە لە دەرگە دەدات؟

ژنەکە ویستی لە پەنجەرەی دەرگەکەوە تەماشا بکات و ئەوجا هاتە وەڵام:

– دەمەوێت چاوم بەجەنابی قەشە بکەوێت.
– ئێستا راکشاوە و خەوی لێ کەوتووە.
– کارێکی زۆر پێوست و گرینگم پێیەتی.

لە دەنگیدا دیاربوو کە زۆر سوور بوو لەسەر داواکارییەکەی. بەبێ چرپە دەرگە لە رووی کرایەوە.

ئافـرەتێکی بەتەمــەنی قــەڵەوی زەردباوی قـژ رەنگ ئاسـن دەرکـەوت. لە پشت چاویلکە ئەستوورەکەیەوە چاوەکانی ورد دیاربوون. لەبەر دەرگەکەدا گوتی:

–فەرموون بێنە ژوورەوە.

چوونە ژوورێکەوە کە بۆنی گوڵی تێدا بڵاو بووبووەوە. ئافرەتەکە هەردووکیانی گەیاندە لای کورسییەکی دارین و پەنجەی بۆ درێژ کردن تاوەکو دابنیشن، کچەکە دانیشت، بەڵام دایکی بەواق ورمانەوە بە پێوە وەستا و بەهەردوو دەستیشی جانتاکەی هەڵگرتبوو. لە دەنگی وژەوژی پانکاکە بەولاوە هیچ دەنگێکی تر نەدەبیسترا، پاش ئەوەی ژنی ماڵەکە دیارنەما، بۆ جارێکی تر لەوسەری ژوورەکەوە لەلای دەرگەکەوە دەرکەوت و بەدەنگێکی نەوی گوتی:

– ئەوەتا دەڵێت وەها چاکە سەعات سێ بێنەوە. هەمووی بۆ پێنج دەقە دەچێت کە خەوی لێ کەوتەوە.

ژنەکە وەڵامی داوە و گوتی:

– بەڵام شەمەنەفەرەکە لە کاتژمێری سێ و نیودا دەڕوات

وەڵامی ئافـرەتەکـە کـورت و پڕ لـە بڕوا بە خـۆکـردن بـوو. ژنەی مـاڵەکـە بۆ یـەکـەم جـار بزەیەکی کرد و گوتی:

– تێ گەیشتم.

کاتێک دەرگەکە داخرا ژنەکە بەتەنیشتی کچەکەیەوە دانیشت. ژووری میوان تەنگ و ساکار و پاک و خاوێن بوو. لەوسەری ژوورەکەوە مێزێک داندرابوو کە بە پارچە کوتاڵێک داپۆشرابوو، ئامێری چاپدان و گوڵدانێک و دەفتەری کڵێسە بە سەریەوە دانرابوون، وەها دیار بوو کە ژوورەکە لەلای قەیرە کچێکەوە رێکخرابوو. دەرگەکەی ئەوسەر کرایەوە و قەشەکە بە چاوی خەواڵووەوە دەرکەوت و بە دەستەسڕەکەی چاویلکەکەی دەسڕییەوە. هەر کە چاویلکەکەی کردە چاوی بەباشی دیاربوو کە برای ئافرەتی نێو ماڵەکە بوو. قەشەکە پرسی:

– چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟

ژنەکە لە وەڵامدا گوتی:

– بە کلیلی گۆڕستانەکە.

کچەکە دانیشتبوو چەپکە گوڵەکەیشی لە ئامێز گرتبوو. لە خوارەوەیش هەردوو پێی لە یەکتر راست و چەپ گیر کردبوو. قەشەکە روانییە کچەکە و لە پاشاندا دیقەتی ژنەکەی دا. ئەوسا لە پەنجەرەکەوە تەماشایەکی ئاسمانە ساماڵە شینە بێگەردەکەی کرد. بە ژنەکەی گوت:

– بۆچی بەم گەرمایە هاتوویت "نەدەبوو چاوەڕوانیت بکردایە تاوەکو رۆژ ئاوا دەبوو.!

ژنەکە بە بێدەنگی سەری بادا، قەشەکە بەرەو ئەوبەر چوو. لە نێو دۆلابەکەدا دەفتەرێکی دەرهێنا، کە بە موشەما پۆشرابوو. هەروەها قەڵەم و مەرەکەبیشی دەرهێنا. بەرامبەر بە مێزەکە لێی دانیشت. دەست و پەنجەکانی زۆر تووکن بوون بە پێچەوانەوەی کەللە سەریەوە کە رووتابووەوە. لە ژنەکەی پرسی:

–کام گۆڕت مەبەستە کە سەری لێ بدەیت؟

ژنەکە گوتی:

– گۆڕی کارلۆس سانتیانۆ.

قەشەکە هێشتا بە باشی لە قسەکەی تێ نەگەیشتبوو" ژنەکە بە هەمان دەنگ و سەدای پێشوو گوتی:

– ئەو کابرا دزەی کە هەفتەی رابوردوو لێرەدا کوژرا. من دایکی ئەوم.

قەشەکە بەباشی لێی ورد بووەوە. ژنەکەیش بە توندی چاوی تێبڕی. قەشەکە رەنگی سوور هەڵگەڕا و سەری داگرت و دەستی بە نووسین کرد. لەو کاتەیدا کە قەشەکە لاپەڕەکەی دەنووسی داوای لە ژنەکە کرد بۆ ئەوەی خۆی پێ بناسێنێت و بێتە گۆ. ئافرەتەکە بەبێ دوودڵی بە کورتی هەموو شتێکی گوت. کچەکە یەک لە دوای یەک پێڵاوەکانی لە پێی خۆی داکەند.

لە رۆژی دووشەممەی هەفتەی رابردوودا و لە کاتژمێری سێی شەودا، لە دووریی چەند خانووبەرەیەک لەو شوێنەوە هەموو شتێک رووی دا. رەبیکای بێوەژن بە تاک و تەنیا لە خانوویەکی پڕ لە شتومەکدا دەژیا. سەرەڕای ئەوەی باران بە نەرمی پرووشەی دەکرد، بەڵام لەپڕ دەنگێکی کەوتە بەرگوێ. کەسێک لە، دەرەوە ویستی خۆی بکوتێتە نێو دەرگەی حەوشەکەی. رەبیکا بەپەلە لە خەو راپەڕی و لە نێو باوڵی جلوبەرگەکانیدا دەمانچەیەکی

کۆنی دەرهێنا، کە هەر لە سەردەمی پایەبەرز "ئۆرلیانۆ بیوندیا"ەوە بەکار نەهێنرابوو" بەبێ ئەوەی گلۆپەکان دابگیرسێنێت چووە ژووری دانیشتنەوە. بەرەو رووی دەنگی چرکەچرکی کلیلی دەرگەی ژوورەکە رۆیشت. بەدرێژاییی بیست و هەشت ساڵی ژیانی هەندەی ئەو ئان و ساتە نەترسابوو، لە مێشکی خۆیدا بەس بەتەنیا دەرگەکەی نەخستبووە پێش چاوی خۆی، بەڵکو بەتەواوەتی ئاستی بڵندیی کلیل و کلۆمەکەیشی دەستنیشان کردبوو. بە توندی بە هەردوو دەستی دەمانچەکەی گرت و چاوی نووقاند و پەنجەی نایە سەر پەلاپیتکەی دەمانچەکەوە. یەکەم جاری بوو کە لە ژیانیدا دەمانچە بەکار بهێنێت. پاش تەقەی گوللەی دەمانچەکە، لە دەنگی خرمەی بارانی سەربانەکە بەولاوە گوێی لە هیچ شتێکی تر نەبوو" زۆری پێ نەچوو دەنگی بەربوونەوەی پارچە ئاسنێکی لەسەر زەمینە چەمەنتۆ رێژەکەدا کەوتە بەرگوێ" لە پاشاندا دەنگێکی نەرمی پڕ لە شەکەتیی بیست کە گوتی: ئای" دایە.

بۆ بەیانی تەرمی کابرایەکی کوژراویان لە بەردەمی ماڵەکەدا بینییەوە. کەپووی بە تەواوەتی داڕزابوو، پانتۆڵێکی لە بەردابوو کە لەبری پشتێن گوریسێکی بە نێوقەدییەوە بەستبوو. فانیلەیەکی خەت خەتی رەنگاورەنگی تەنکیشی لەبەردابوو. بەپێخاوسی و بەبێ گیان یەک تەختە لێی راکشابوو "هیچ کەسێک لە شارەکەدا نەیناسییەوە" کاتێک کە قەشەکە لە نووسین بووەوە هەندێ مرخەمرخی کرد و ئەوسا گوتی:

- کەواتە کوژراوەکە ناوی "کارلۆس سانتیانۆ"یە!

ژنەکە گوتی:

- سانتیانۆ ئەپالا، تاقە کوڕی من بوو.

قەشەکە گەڕایەوە بۆ لای دۆڵابەکە، کە تێیدا دوو کلیلی ژەنگاویی گەورە هەڵواسرابوون. کچەکە وەهای بە مێشکدا هات کە ئەو کلیلانە هی پاکمەند "پوترس"ن، هەروەها دایکیشی کە تازە هەڵدەچوو هەمان شتی بە مێکشدا هاتبوو" تەنانەت قەشەکەیش رۆژێک لە رۆژان هەمان بۆچوونی هەبوو" قەشەکە کلیلەکانی دەرهێنا و خستییە سەر لاپەڕە نووسراوەکە و پەنجەی درێژ کرد و بە ژنەکەی گوت:

- لێرەدا پەنجەمۆر بکە.

بەخەتێکی تێکەڵوپێکەڵ ژنەکە ناوی خۆی تۆمار کرد و جانتاکەیشی خستبووە ژێر هەنگڵییەوە. کچەکەیش چەپکە گوڵەکەی بەدەستییەوە گرتبوو بە قورسی هەنگاوی دەنا و بەسەرسامییەوە چاوی بڕیبووە دایکی. قەشەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:

– قەت رۆژێک ڕێنوێنییت نەکرد و ڕێی ڕاستی و دروستیت پیشانی نەدا.

– کوڕەکەم مرۆیەکی دڵپاک بوو.

قەشەکە ڕووانییە ژنەکە و پاشتریش تەماشایەکی کچەکەی کرد. سەری سڕما سەبارەت بەوەی کە بۆی دەرکەوت هەردووکیان بێباک بوون و بە تەمای گریان نەبوون، ژنەکە هەڵیدایە و بەهەمان دەنگی پێشووی گوتی:

– پێم گوتبوو کە لە پێناوی خۆراک بەولاوە دزی نەکات" بەڵام سەرپێچی قسەکانمی دەکرد" لەلایەکی تریشەوە هەرچەند لە یاریی مشتەکۆڵە و بۆکسێن دەهاتەوە، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە نێو جێگەدا ڕادەکشا و لە ئاکامی ئەو مشتەکۆڵانەی کە بەری کەوتبوون ئازاری دەکێشا، کچەکە قسەی بە دایکی بڕی و گوتی:

– دەبوو هەموو ددانەکانی نێو دەمی هەڵبکێشرانایە.

دایکی قسەکەی سەلماند و گوتی:

– ئەمەیشیان ڕاستە، هەر پاروویەک کە دەچووە نێو دەممەوە، تامی ئەو مشتەکۆڵانەی دەدا کە لە ڕۆژانی شەمموودا بەر کوڕەکەم دەکەوتن.

قەشەکە گوتی:

– ئیش و کاری خوا کەس سەری لێ دەرناچێت.

بە دوودڵییەوە ئەو قسەیە لە دەمی قەشەوە دەرچوو، چونکە تین و گڕی گەرماکە تەنگی پێ هەڵچنی بوو. باوێشکی دەدا و خەریک بوو چاوانی بنووقێن و خەو بیباتەوە.

لە پاشاندا کلیلەکەی پێدان و بۆی ڕوونکردنەوە کە بە هیچ شێوەیەک گۆڕی (کارلۆس سانتیانۆ) دەدۆزنەوە، پێیانیشی ڕاگەیاند کە لە کاتی گەڕانەوەیاندا لەسەر قەبر لە دەرگەی ماڵیان نەدەن، بەڵکو کلیلەکە لە ژێر دەرگەی ماڵدا بەجێ بهێڵن. ئەگەر لە توانایشیاندا هەیە وەها باشە یارمەتییەکی کڵێسە بدەن. ژنەکە گوێڕایەڵی ڕێنوێنییەکانی قەشەکە بوو. بەڕوویەکی گرژ و مۆنەوە سوپاسی کابرای قەشەی کرد. لە پڕ قەشەکە سیمای کەسێکی کەوتە پێش چاو کە لووتی نووساندبوو بە پەنجەرەی دەرگەکەوە و تەماشایانی دەکرد. هەروەها چەند منالێکیش بە تەنیشتییەوە کۆمەڵیان بەستبوو. هەرکە قەشەکە دەرگەکەی کردەوە، ئیتر یەکسەر هەموو بلاوەیان لێ کرد و ڕۆیشتن. لەو کات و ساتەدا وەها چاوەڕوان دەکرا کە کەس لە دەرەوەدا نەبووایە، بەڵام لە ژێر داربادەمەکاندا چەند کەسانێک بە پێوە وەستابوون. قەشەکە چاوی بە جادەکەدا گێڕا کە گەرماییەکی زۆر خۆی بەسەریدا کێشابوو، لە پاشاندا هەموو شتێکی بۆ ڕوون بووەوە. بە هێمنی دەرگەکەی

پێوەدا و بەبێ ئەوەی تەماشای ژنەکە بکات پێی گوت:

– وەها چاکە پەلەنەکەیت و تاوێک خۆت دوابخەیت.

لەوسەری ژوورەکەوە خوشکی قەشەکە دەرکەوت، کە رۆبێکی رەشی خەوتنی لەبەردابوو. قژەکەیشی بەسەر شان و ملیدا پەرش و بڵاو بووبووەوە. قەشەکە پرسیاری لێ کرد و گوتی:

– چی رووی داوە"؟

ورتەورتێکی کرد و گوتی:

– خەڵکەکە دەرکیان بە هەموو شتێک کردووە.

قەشەکە بە دایک و کچەکەی گوت:

– وەها باشە خۆتان پیشانی خەڵکی داخ لە دڵ نەدەن و لە دەرگەی پشتەوە خۆتان دەرباز بکەن.

خوشکی قەشەکە گوتی:

– جیاوازیی نییە، چونکی خەڵکەکە لە هەموو لایەکەوە ئاپوورەیان کردووە و گەمارۆی ماڵەکەیان داوە.

ژنەکە بە کەمتەرخەمییەوە نەیویست گوێ بۆ قسەکانی قەشەکە شل بکات. لە میانی پەنجەرەکەوە تەماشای شەقامەکەی کرد. بەرەو دەرگەکە هەنگاوی نا و کچەکەیشی بەدووی کەوت.

قەشەکە ئاگەداری کردەوە و پێی وت:

– پەلە مەکە و خۆت تووشی گێچەڵ مەکە و چاوەڕوانی رۆژئاوابوون بکە.

خوشکی قەشەکە هاتە قسە و گوتی:

– گەرمای ئەم قرچەی نیوەڕۆیە لە کێشدا نییە و هەردووکتان هەڵدەپرووکێن، چاوەڕوانی بکەن، بەڵکو چەترێکتان پێ دەسپێرم.

ژنەکە وەڵامی داوە و گوتی:

– سوپاست دەکەم ئێمە ئەم حاڵەمان پێ چاکترە.

دەستی کچەکەی گرت و بەجووتە بۆ سەر جادەکە دەرچوونە دەرەوە و رۆیشتن.